کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:25 12-7-2007

Khalidabdula2000@yahoo. com

**نوسەری ڕەش پۆش و قەڵەمی زبر فرۆش.... خالد گراوی**



ڕۆژنامەوانی ئەلەکترۆنی، سیمایەکی شارستانی و پێویستیەکی کۆمەڵگا مۆدرێنە. بۆ کورد جێگای شانازیەکە کەئەمرۆ بتوانی میدیاکەی بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوتر ببات و بە شێوازی هاوچەرخ لەگەڵ ڕاگەیاندنی وڵاتە پێگەیشتوەکان کێبڕکێ بکات.

ڕۆژنامەوانی کوردی لەم بوارە هەنگاوی خێراو بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، دەتوانین بڵێین ئێستا کرانەوەیەکی بەرچاوی پێوە دیارە لەڕووی ژمارە و هەمەڕەنگی و ئازادی نوسین، بەڵام لەناوەڕۆك کزو، لە هەنگاو نان سست، کیسەڵ ئاسا دەخولێتەوە و، بە سی شێواز نمایش دەکری یەکەمیان ئاراستەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوچەرخە، دوەمیان هاوشێوەی سەردەمی ڕێنینساس شێوازی مۆدرێنە بە خۆیەوە دەبینی، سێەمیان فۆرمێکی بەرەڵایی گێرەشێوێنانەی پێوە دیارە.

ئەرکی ڕۆژنامەوانی ئەوەیە کە کۆمەڵ بەرە و ئاقارێکی ئەرێتی ببات و نوسەران پێویستە بە بەڵگەوە ڕەخنە لە دیاردەکان بگرن و کەمتەرخەمی دەستەڵات ئاشکرا بکەن و، بەرپرسیش بن لە بەرامبەر ئەو کەم وکوریانەی لە کارەکانیان بەدی دەکرێن، ڕۆژنامەنوس پێویستە خۆی دور بگرێت لە جنێو بوختان و سوکایەتی کردنی بی بنەمای نا پێویست، لە بەرامبەر کەس و لێپسراوان، وە لە سنوری یاسایی ئیشەکانی دەرنەچن.

ڕۆژنامەوانی بەگشتی و ماڵپەڕەکان بەتایبەتی باشتر وایە ئەرکە سەرەکی و بنەڕەتیەکانیان نەبەزێنن، تابکری زۆرترین گوتار و زانیاری وهزری نوی لەبارەی ڕوداوە هەنوکەیەکان و کێشە گەرمەکان بخەنە بەرچاوی خوێنەران، ڕاڤە و لێکدانەوەیان هەبێت بۆ هەواڵی ڕۆژنامەکان، زیاتر هەوڵەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاریە کۆمەڵایەتیەکان بێت، کۆکەرەوەی هەڵوێستە جیاجیاکان بن بۆ سیاسەتی حکومەت و حیزبەکان، سیاسەتی هۆشیاری تاکەکان بەهەند وەربگرن و لەکاتی بونی قەیراندا چارەسەرە گونجاوەکان بخەنە ڕوو، وە گوتارەکانیان هەندی کاریگەری تیابێت بۆ گەڕاندنەوەی هێز بۆ خوێنەرانی، وە ببێتە کەناڵێکی چاندنی تۆی هیواو ئومێد و بڕوا بون بە ئایندەکی گەش.

مێژوی تاڵی ژێر دەستەیی و کاریگەری کەلتوری داگیرکەران لە چاندنی تۆی دوبەرەکی و ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە کاریگەری زۆری لەناخی کەسەکانمان جێهێشتوە و هۆکارێکی کارەساتی شەری ناوخۆ بوو کە دەرهاویشتەی زۆر بۆگەنی لی کەوتەوە، بەشێکی ئەو تاوانەش لەئەستۆی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان بوە، بەهۆی ململانی ی ناشارستانی حیزبەکان، قەڵەمەکانیش لەگەڵ دوو ئیدارەیی دابەش بوون و دەتوانم بڵێم دەوری سلبیان کەم نەبوە وە بەشێکی گرنگی بەردەوامی دان بوون بە شەڕی نەگریسی ناوخۆ، ئەمرۆ پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە پێویستە نوکی قەڵەمەکان لە پێناوی خزمەت کردنی نەتەوەیی بێت و هەوڵی سارێژ کردنی زامەکانی ڕابردوو بێت، حساب بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان بکرێت، لە زمانی نوسینی زبری زیان بەخش، نزیك نەکەوێتەوە.

زۆرێك لە ماڵپەڕەکان، خوێنەری لە ئاست و مەبەستیان و شەرمەزار دەبێت، بینەر، بە سەیرکردنی وێنەی شێوێندراو و ڕتوش کراوی بەمەبەست، ڕقێکی ئەستور دەمارەکانی دەگری و بە خوێندنەوەشیان بۆنی خوێن دەکات و بیر لە ئامادەکاری شەڕو تۆڵە دەکاتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبی ئەو ماڵپەڕە و دەزگا سوك و ڕیسوایەی کە نەخشە داڕێژەریەتی، لەگەڵ ئەو چەند جاش قەڵەمەی، بە برێك پارە عەریزەی نوسیەتی، لەوە نەترسن زوو یا درەنگ مەرامە گڵاوەکان و پیلانە دوژمنکاریەکانیان ئاشکرا دەبێت، ئەو شەرمەزاریەشیان کەڵەکە دەبێت و دەچێتە سەر خەرمانی خیانەتەکانی ڕابردویان.

پێشینان وتویانە (خوی شیری هەتا پیری) ، ئەوانەی فرچکیان بە شیری خیانەت وەرگرتوە، هەردەم دەست لەسەر سنگ وەستا بون بۆ ئاغاکانی پێشویان، ئەمڕۆش قەڵەم فرۆشی پیشەیانە، بونەتە جاش قەڵەم و وەکو بەرپرسەکانیان لە برینی خیانەتەکانیان دەتلێنەوە.

هەڵچون، دەربڕینی ڕق و کینە، جنێو فرۆشتن و بوختان، دەرهاویشتەی کەسایەتیە لاوازو بودەڵە و بەزیوەکانە، دەنگی نزمی هزرە نەخۆشەکانە، دەنگی شپرزەیی و لەرزۆکی مێشك ژەنگ گرتوەکانە.

ئەوانەی پاشەڵ پیس و خائین وناوزگ ڕەشن، ناتوانن تاسەر بەناوی خوازراو ئیمێلی شاراوە سوکایەتی بە قەڵەمەکانیان بکەن، چونکە کۆدی خیانەتکاران لەسەر تەوێڵیان ماوە، میللەتەکەمان ئەو قۆناغەی بڕیوە کە کەبەدەقێکی زبری بی بەڵگە و بنەما، تاکەکانی پی چەواشە بکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.